بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە
بڕیار
ژمارە (17) ساڵی 2014

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (16) لە 16/ 12/2014 بڕیارماندا بەدەرکردنی:

یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2014

یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو

ماددەی (1):

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (نۆیەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دووەم: دەشێت ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، (3) سێ وەزیری هەرێمی تێدا بێت.

ماددەی (2):

دەبێت ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی (3):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ـدا بڵاودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

هەولێر
2014/12/28

هۆیەکانی دەرچواندن

بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت و بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( 1 ) ساڵی 2015**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە و، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (19) لە 24/ 12/2014 بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2014**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( 10 )ی ساڵی 2008**

**ماددەی ( 1 ):**

ماددەی (حەوتەم) لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و دەستە وکولێژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی وناحکومی پێکدێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن:

1ـ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.

2ـ زانکۆی سلێمانی.

3ـ زانکۆی دهۆك.

4ـ زانکۆی کۆیە.

5ـ زانکۆی سۆران.

6ـ زانکۆی زاخۆ.

7ـ زانکۆی ڕاپەڕین.